چوارچێوەی هەماهەنگی: پێویستە بڕیاری دەستوور و یاسا بەرکارەکان مامەڵە لەگەڵ دەسپێ نیشتیمانییەکان بکرێت



چوارچێوەی هەماهەنگی دەڵێت، پێویستە بڕیاری دەستوور و یاسا بەرکارەکان مامەڵە لەگەڵ دەسپێ نیشتیمانییەکان بکرێت، دەشڵێت یاسای نەوت و غاز چارەسەری دەسپێ هەڵپەسێردراوەکانی هەرێم و بەغدا دەکات.

ئەمڕۆ سێشەممە ٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، دوای کۆبوونەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی لە نووسینگەی عەممار حەکیم بە ئامادەبوونی محمد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، میدیا عێراقییەکان وردەکاری کۆبوونەوەکەیان بڵاوکردەوە.

لە میانی کۆبوونەوەکەدا باسیان لەوەشکرد، پێویستە یاسای نەوت و غاز لە پەرلەمانەوە دەربکرێ، چونکە ئەو یاسایە جۆهەری چارەسەری دەسەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغداد و هەرێمە.

سەبارەت بە پرسی مووچە و شایستە دارایییەکانی هەرێم، چوارچێوەی هەماهەنگی جەختی کردووەتەوە، پێویستە بە هەر پرسێکی نیشتمانی لەسەر بنەمای دەستوور و بگۆڕی بیارەکانی دادگا هەسوکەوت بکرێت.

ئاماژەیان بەوەشکردووە، حکومەتی عێراق پابەندە بە مافی هەموو هاووڵاتیانی و لە هەوڵی بردەوامدا

بە نەهێشتنی هەر ڕەگرێک بە ئەو مەبەستە.